تیکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# لە ٥ی پووشپەڕی ١٣٦٥ تاوانێکی گەورە بەرانبەر سازمانی خەبات وجوڵانەوەی گەلی کورد کرا












لە مەودای خەباتی خەڵکی کورد لە دژی سەرەڕۆیی دەسەڵاتدارە ملهورەکان، شۆرشەکانی گەلی کورد هەڵدێر و نشێوی زۆریان هاتۆتە پێش و قۆناغی هەستیار و دژواریان تێ پەراندووە. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران کە مێژووی پڕ لەشانازی ٢٧ ساڵەی بە خوێنی رۆڵە دڵسۆزەکانی نەخشاندوە و گەلی کوردستان شاهیدی سەروەرییەکانیەتی ، زۆرجار تووشی کەند و کۆسپ بووە و بەردەوام دژمنانی نەتەوەی کورد پیلانیان بۆ دارشتووە.دژمنانی گەلەکەمان بە داردەستی ئاڵقە لە گوێکانی ناوخۆیی کاریان بۆ لێك هەڵتەکاندن و لاواز کردنی سازمانی خەبات کردووە و بەردەوام لە هەوڵی لە ناو بردنی رێبەرانی دا بوونە. بۆ لە داو خستنی پێشمەرگەکانی سازمان ستادی هاوبەش لە نێوان پاسداران و ئاڵقە لەگوێیان و زرە کوردان پێك هاتووە و هەوڵی زۆریان دا تا بە پیلانەکانیان زەربەت لە سازمانی خەبات و پێشمەرگە خۆراگرەکانی بدەن.

رۆژی ٥ی پووشپەڕی ١٣٦٥ کە لە مێژووی قوربانیدانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دا بە رۆژێکی کارەساتبار ناودێر کراوە، تیایدا ژمارەییێك کادر و پێشمەرگە لەگەڵ خانەوادەکانیان کە لە کوردستانی ئێرانەوە بەرەو کوردستانی گەرمێن دەگەرانەوە، لە شوێنێك بە ناوی شیوی (شابەدین) لەسەر سنوریکوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق لە ناوچەی چۆمان، لەلایەن ژمارەییێك چەکدارەوە بە جل و بەرگی سەربازی گەمارۆ دەدرێن کە خۆیان بە عەسکەری عێراقی دەناسێنن، بەڵام زۆری پێ ناچێ کە دەردەکەوێ کە ئەو چەکدارانە لە هێزەکانی سەربازیی عێراق نین، بەڵکو لەو خۆفرۆشانەن کە دروستکراوی رژیمی ئاخوندین و لەژێر ناوی حیزبی (الدعوە) و حەرەکەی ئیسلامی دا کاردەکەن. بە داخەوە کار لەکار دەترازێ و٥ پێشمەرگەی کۆڵنەدەر و قارەمان کە هەر کامەیان لە مەیدانی جەنگ لەبەرانبەر هێزەکانی رژیمی ئاخوندیدا نمونەی ئازایەتی و بوێری بوون دەگیرێن و خانەوادەکانیان لە دوای چەند مانگ دەست بەسەر بوون، ئازاد دەکرێن و ٥ تێکۆشەر و قارەمانی سازمان( عبداللە هەمزە، خەلیل جەعفەری، تاهیر یاکوباوایی، غەفوور ئەحمەدی(شیوەڵەیی) و حەسەن سەقزی) لەدوای چەند ساڵ زیندان و شکەنجە لە کۆمەڵ کوژیەکەی زیندانیە سیاسیەکان لەساڵی ١٣٦٧ کوچی خۆری شەهید دەکرێن. ئەو قارەمانانە لەماوەی چەند ساڵ زینداندا نمونەی قارەمانی و نەبەزی بوون و خۆراگرییان لەبەرانبەر جەلادەکانی رژیمدا دەنگی دابۆوە و ئەوانەی هاو بەندی ئەو قارەمانانەی سازمان بوون و ئازاد کراون ئەو پەڕی ئازایەتی و نەبەردی و دلێریان لێ دەگێرنەوە. جێگەی داخە ئەو دەستە و تاقمانەی لە ژێر ناوی ئیسلامدا لەبەرانبەر بارەقەلاییکی دژمن، بەو شێوە ناجوانمێرانە رۆڵەکانی گەلی کورد، تێکۆشەرانی رێگای رزگاری کوردستان دەخەنە داوەوە. حیزبی الدعوە و کەسانێك بە ناوی بزوتنەوەی ئیسلامی بەو کارەیان پەڵەییێکی رەشیان نا بە تەوێڵیانەوە، کردەوەییێك کە لە بیری رێبوارانی سازمانی خەبات ناچێتەوە و بەیاد کردنەوەی نەفرەت و بێزاری بۆ رژیمی ملهور و دەست و پێوەندە رووەرشەکانی دەنێردرێ.

هەزاران سڵاو لە گیانی ئەو شەهیدانە کە بە خوێنی سوور و ئاڵیان تابلوی ئازادی و مەزڵومیەتی کوردیان نەخشاند. ئەو پێشمەرگانەی لە زیندانەکانی رژیمدا نمونەی خۆراگری و ئازایەتی بوون و لە ئاکام دا شەهید کران.

یادکردنەوەی ئەو کارەساتە شلگێرترمان دەکا بۆ درێژەدان بە رێبازی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، هاوکات شەهیدان دڵنیا دەکەینەوە کە تا دوایین دڵۆپی خوێنمان درێژەدەری رێگەکەیان دەبین و لەپێناو ئامانجە بەرزەکانیان گیانمان فیدا دەکەین.

یادی ئەو شەهیدە نەمرانە بە خێر بێ و رێگەیان پڕ رێبوار بێ

# ڕاپۆرتی نوێی سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بارەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران

رۆژی هەینی ١٣ی ژوئن بەرانبەر بە ٢٢ی پووشپەڕ رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتێکدا نیگەرانی قووڵی خۆی لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بەتایبەت گرتنی پارێزەرانی مافی مرۆڤ، حوکمی بەربڵاوی ئیعدام و بەردەباران دەربڕی.

لێبوردنی نێونەتەوەیی لەو ڕاپۆرتەدا داوا لە لێپرسراوانی رژیمی ئێران دەکا، رێز لە یاسای نێودەوڵەتی بگرن و هیچ کەس بە هۆی دەربڕینی بیر و باوەر یان کۆبوونەوەی ئاشتی خوازانە زیندانی نەکەن. سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی نیگەرانی خۆی بەبۆنەی بەردەباران کردنی خەڵك لە ئێران دەربڕیوەو خوازیاری ئەو بووە لە ئێران جێ بە جێ نەکرێ. لە ڕاپۆرتی ئەو سازمانەدا باس لە گرتنی بەرێوەبەری سازمانی مافی مرۆڤی کوردستان کراوە و هەروەها بار و دۆخی ئیجلال قەوامی و سەعیدی ساعیدیشی داوەتە بەر لێکۆڵینەوە. لە بارەی گرتنی دانشجویان لە ساڵوەگەڕی ١٨ی پووشپەر گوتراوە کە: لێبوردنی نێوەنەتەوەیی لە بارەی گرتنی ١٦ گەس لە رۆژی ١٨ی پووشپەڕ کە هاو کات بوو لەگەڵ هەشتەمین ساڵرۆژی سەرکوتی سەرهەڵدانی دانشجویان ڕاپۆرتێکی ئامادە کردووە. سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی زیاد دەکا کە دە نەفەری دیکە لە دەفتەری سازمانی شوین کەوتووانی زانستی ئێرانی ئیسلامی گیراون و مأمورانی ئەمنیەتی لە کاتی هەڵکوتانە سەر ئەو کەسانەدا تەقەی هەواییان کردووە و دەستیان بە سەر کۆمپیوتر و بەڵگەکانی ئەو دەفتەرەدا گرتووە. بە پێی نووسراوەی ئەو دامەزراوە، بەهارەی هیدایەت، لێپرسراوی کۆمسیونی ژنانی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت هاورێ لەگەڵ ٥ کەسی دیکە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەو سازمانە بە ناوەکانی محمد هاشمی، علی نیکونسبتی، مهدی عربشاهی، حنیفی یزادنی و علی وفاقی لە بەرانبەر زانستگای ئەمیرکەبیر لە تاران گیراون. بە پێی نووسراوی ئەو سازمانە علی رەزا جەمشیدی، گووتە بێژی قوەی قەزائیەی رژیمی ئاخوندی، ئەو گرتنانەی سەلماندوە و گوتی: لێکۆڵینەوە لە بارەی بەشداری کردنی ئەو کەسانە لە کۆبوونەوەکاندا درێژەی هەیە.



### فشار هێنان بۆ سەر یەکیەتیە کرێکاریەکان درێژەی هەیە

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیدا باسی لە گرتنی مەنسوور ئەسانلو سەرۆکی شاندی بەرێوەبەری سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبوسڕانی تاران کردوە. لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ: ئوسانلو ئێستا لە بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئەوینە و پێشتر بۆ ماوەی ٨ مانگ لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٦ لە زیندان دا بووە. بە پێی نووسراوەی ئەو سازمانە ئوسانلو رۆژی ١٠ی ژوئیە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کەوتۆتە بەر هێرش و بە زۆر لە ماشینیان هاویشتوە.

### قامچی لێ دان و بڕینەوەی حوکمی زیندان بۆ هەڵسووراوانی مافی ژنان

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بارەی درێژەدان بە سەرکوتی هەڵسوراوانی مافی ژنان ڕاپۆرت ئەدات کە بە لانی کەمەوە ٣ کەس لە تێکۆشەرانی ژن بە هۆی بەشداری کردن لە تەزاهوراتی ساڵی ٢٠٠٦ کە خوازیاری ئیسلاحی یاسای جیاوازی دانان بوون، بە زیندان مەحکوم کراون. لەو ڕاپۆرتەدا ناوی دلّ آرام علی هاتووە کە بە تاوانی بەشداری کردن لە تەزاهوراتی نایاسایی تاوانبار کراوە و دادگا ناوبراوی بە ٣٤ مانگ زیندان و دە زەربە قامچی مەحکوم کردووە. بە گوتەی ئەو رێکخراوە، (عالیه اقدم دوست) بە سێ ساڵ و چوار مانگ زیندان و ٢٠ زەربە قامچی و هەروەها نسیم سلطانی بیگی ش بە دوو ساڵ زیندان مەحکوم کراون. سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ: ئەو سێ کەسە ئێستا ئازادن و چاوەڕێی حوکمی دادگا دەکەن. لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ هەرکات زیندانی بکرێن دیفاعیان لێ دەکا و داواکار دەبێ بێ هیچ مەرجێك ئازاد بکرێن و ئەو سێ زیندانیە بە زیندانی عەقیدەتی دەزانێ.



### ئێعدامەکان

بە پێی نووسراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئێران یەکێك لەو وەڵاتانەی جیهانە کە زۆرترین حوکمی ئێعدامی تێدا بەرێوە دەبردرێ و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧وە تا ئێستا بە لانی کەمەوە ١٢٠ کەسی تێدا ئێعدام کراوە و تا کۆتایی ئەم ساڵ ئەو ژمارە دەگاتە ١٧٧ نەفەر، سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ ئێستا کە لە نێوەراستی ساڵی ٢٠٠٧داین ئێران، تەنیا وەڵاتێك بووە لە جیهان کە حوکمی ئێعدام بۆ منداڵان دەردەکا و ئێعدامیان دەکات. لەم ساڵدا دوو منداڵ ئێعدام کراون کە ناوەکانیان ئەمانەیە، (محمد موسوی) کە لە کاتی تووش بوونی بە تاوان ١٦ ساڵ بووە و کاتی ئێعدام کردنی تەمەنی گەیشتۆتە ١٩ ساڵ. منداڵێکی بەلوچیش بە ناوی ( سەعیدی قنبرزهی ) کە لە مانگی مەی ئەمساڵ لە زاهیدان ئێعدام کرا لە کاتی تووش بوونی دا تەنیا ١٧ ساڵی بووە. لە کۆتاییدا سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بارەی بەردباران کردنی جەعفەر کیانی ڕاپۆرت دەدا و نیگەرانی خۆشی سەبارەت بە بەردەباران کردنی (مکرم ابراهیمی) دەدەبڕێ.